دۆناڵد ترەمپ بۆ جاری دووەم وەک سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرایەوە



ئەمڕۆ دۆناڵد ترەمپ بۆ جاری دووەم وەک سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێردرایەوە و توانی خاڵی تەواو بەدەستبهێنێت دوای ڕکابەری لەگەڵ کاندیدی دیموکراتییەکان کامالا هاریس.

دوای بردنەوەی دۆناڵد ترەمپ، بافڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پیرۆزبایی دەرچوونی کرد و لە پۆستێکدا نوسیویەتی: هەرێمی کوردستان و ئەمریکا پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە کە لە بەها هاوبەشەکانی پابەندبوون بە سەقامگیری و ئاشتی لە جیهاندا سەرچاوەی گرتووە، ئێمە چاوەڕێی بەردەوامی و بەهێزکردنی هاوبەشییەکانمان دەکەین بۆ بەرەوپێشبردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی.